ئافرەتێک مەڕێکی سەربڕی بە بەردێکی تیژ، سەبارەت بە ئەمە پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرا؛ ئەویش فەرمانی کرد کە (گۆشتەکەی) بخورێت

لە کەعبی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئافرەتێک مەڕێکی سەربڕی بە بەردێکی تیژ، سەبارەت بە ئەمە پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرا؛ ئەویش فەرمانی کرد کە (گۆشتەکەی) بخورێت».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا کەعبی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئافرەتێک مەڕێکی سەربڕی بە بەردێکی تیژ؛ هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو چونکە مەڕوماڵاتی بەخێو دەکرد لە نزیک شاخی ئوحود، وگورگ پەلاماری مەڕێکی دا، وئەویش گورگەکەی دوور خستەوە، وبەردێکی تیژی هێنا؛ ومەڕەکەی سەربڕی وگۆشتەکەی خوارد، سەبارەت بە ئەمە پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرا؛ ئەویش فەرمانی کرد گۆشتەکەی بخورێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64655